پوتن: دەرگای ڕوسیا کراوەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئیدارەی تەرەمپ سەبارەت بە ململانێی ئۆکرانیا



ڤلادمیر پوتن سەرۆکی ڕوسیا ئەمڕۆ دوشەممە ڕایگەیاند، دەرگای ڕوسیا کراوەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئیدارەی دۆناڵد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە ململانێی ئۆکرانیا.

ڤلادمیر پوتن لە میانی دیدارەکەیدا لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕوسیا وتی، "دەرگای ئێمە کراوەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە ململانێی ئۆکرانیا و گرنگترین شت لێرەدا نەهێشتنی هۆگر و ڕیشەی قەیرانەکانە".
سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی دۆخەکە، پوتن وتی، "دەمەوێت جارێکی دیکە جەخت لەوە بکەمەوە کە ئامانجەکەی نابێت ئاگربەستێکی کورت بێت، نە هیچ جۆرە پچڕانێك بێت بۆ دوبارە ڕێکخستنەوەی هێزەکان و خڕپچەککردن بە ئامانجی درێژەدان بە ململانێکان دواتر، بەڵکو زیاتر ئاشتییەکی درێژخایەن کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییە هەواکان دابمەزرێت بۆ هەمو ئەو کەسانەی لەم ناوچەیەدا دەژین".
پوتن جەختیکردەوە کە ڕوسیا هەرگیز گفتوگۆی لەگەڵ هیچ ئیدارەیەکی ئەمریکی هەت نەکردەتەوە و ئەوەشیخستەڕو، "ئێمە هەرگیز گفتوگۆمان هەت نەکردەتەوە، هەمیشەش

ئامادەبوین بۆ پاراستنی پەیوەندی و هاوکارییەکی باش و پڕ لەگەڵ هەر ئیدارەیەکی ئەمریکیدا".

سەرکی روسیا ئاماژەی بەوەشکرد، مۆسکۆ لێدوانەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا و تیمەکەی دەبینێت سەبارەت بە خواستی خێیان بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندییە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ ڕوسیا.

ئاشکراشیکرد، "مۆسکۆ پێشوازی لە هەڵوێست و قسەکانی ترەمپ دەکات سەبارەت بە پێویستی ئەنجامدانی هەمو شتێك بۆ باشگریکردن لە جەنگی جیهانی سێیەم، هەروەها ڕوسیا پیرۆزبایی دەستبەکاربونی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی ئەمریکا لە ترەمپ دەکات و دەڕگای کراوەیە بۆ گفتوگۆ سەبارەت بە ململانێکانی ئۆکرانیا".

پوتن ئەوەشیخستەڕو، ڕوسیا لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە گفتوگۆ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕێزگرتنی یەکتر بنیات دەنرێت".